## ڕێککەوتننامەیەکی عێراق و بەریتانیا شەڕی بێوچان دژی تیرۆر هەڵدەگیرسێنێت



ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری فایق زێدان، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا واژۆ کرد بۆ هاوکاریی دادوەری لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

ئەنجومەنەکە لە بەیاننامەیەکدا کە بۆ ئاژانسی هەواڵی عێراقی ناردووە، دەڵێت: ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری فایق زێدان، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای کرد.

ئاشکراشیکرد: لە میانەی سەردانەکەدا یاداشتێکی لێکتێگەیشتن بۆ هاوکاریی دادوەری لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر واژۆکرا، بە ئامادەبوونی وەزیری دەوڵەت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیمش فالکنەر، و بەڕێوەبەری فەرمانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ستیڤن هیکی و باڵیۆزی عێراق لە لەندەن جەعفەر سەدر.